نۆچیرڤان بارزانی سەرکۆنەی هەوڵی تیرۆرکردنی دۆناڵد ترەمپ دەکات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نۆچیرڤان بارزانی سەرکۆنەی هەوڵی تیرۆرکردنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەکات و دەڵێت: "زۆر نیگەرانم لە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی پێشوو دۆناڵد ترەمپ، من سەرکۆنەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەم بە چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان و توندوتیژی نابێت لە سیاسەتی ئەمەدا جێگای هەبێت، بیرکردنەوەم لەگەڵ سەرۆک ترەمپ و خێزانەکەی و هەموو قوربانییەکانی ئەم هەرشەیە".

زانیاری زیاتر...

ئەمە یەکشەممە، لەمیانەی گردبونەوەیەکی جەماوەری لەشاری پنسلڤانیا، تەقەکرا لە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کاندیدی ئێستای پارتی کۆماریی بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا.

بگورەی زانیارییە سەرەتاییەکان، دۆناڵد ترەمپ بەسوکی بریندار بوە و هەرشبەر هەوڵی تیرۆرکردنی ترەمپ-ی داوە، ناوی مارک ڤایلەت-ە کە ئێندامی ڕەکخراوی چەپی توندڕەوی ئینتیفایە و لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەجێ کوژراوە.